گەڕۆژی گەل
ROJI GEL

هەفتەنامەیەکی سیاسی ڕۆشنبیری گشتییە، حزبی ڕزگاریی کوردستان دەری دەکات

ژمارە (١٧٩) یەکشەممە ٢٠٠٧/٥/٢٠

چاتام هاوس: حکومەتی مالکی بێدەستەڵاتەو عێراق ڕوو لە دابەشبوونە

پەیمانگەی **چاتام هاوس** لە شانشینی بەریتانیا کە تایبەت بە تۆژینەوەی پێوەندی نێوەدەوڵەتیە لە دواییین ڕاپۆرتی خۆیدا کە ڕۆژی ٥ شەممەی ڕابردوو بڵاوی کردۆتەوە، دەڵێ: هاوکات چەند شەرێکی نێوەخۆ لە عێراق بەڕێوەدەچن و ئەو وڵاتەش بەرەو هەڵوەشانەوە و داڕووخان دەڕوات .

چاتام هاوس لەو باوەڕەدایە کە شەڕی مەزهەبی و ڕەگەزی و ململانێ لەسەر دەستەڵات هەڕەشە لەسەر قەوارەی ئێستای عێراق دەکات و بەرەو دابەشبوونی دەبات.

ڕاپۆرتەکە پێیوایە چارەسەری سیاسی لە عێراق دەخوازێ کە عەرەبی سوننە بەشداری لە حکومەت بکەن، موقتەدا سەدر وەک هاوبەشی ڕەوای سیاسی دانی پێ بنرێ و کێشەی کوردیش یەکلایی بکرێتەوە.

کورتکراوەی ڕاپۆرتەکە ئەوەیە: مەترسی ڕاستین لەسەر چارەنووسی عێراق هەیە و بەرەو چەند قەوارەیەکی سەربەخۆ دەچێ، وێڕای ئەوەی کوژرانی خەڵکی سڤیل کەم بۆتەوە، بەڵام کوژراوانی ئەمریکی بەرزبۆتەوەو لە مانگی نیسان ١٠٤ سەرباز کوژراون.

تورکیا ٥٠ هەزار سەرباز لە سەر سنوور کۆدەکاتەوە، پێشمەرگەش ئامادەباشی ڕادەگەیەنێ

هەواڵەکان : سوپای تورکیا زیاتر لە ٢٠٠ هەزار سەربازی لە باکووری کوردستان کۆکردۆتەوە کە پەنجا هەزار لەو سەربازانە لە نزیک سنووری هەرێمی کوردستان مۆڵ دراون.

چاودێرانی سیاسی لەو باوەڕەدان کە تورکیا دەیەوێ بەر لە هەڵبژاردنەکانی پارلەمان کە لە مانگەکانی داهاتوو بەڕێوەدەچێ، پارتی کرێکارانی کوردستان بە شەڕەوە خەریک بکات و دەرفەتی هاوکاریکردنی پاڵێوراوە کوردەکانی لێبگرێ.

لەلایەکی دیکەوە هەواڵەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە پارتی دادو گەشەپێدانی فەرمانڕەوا لە ترسی دۆڕان و لە بەرانبەر ڕەخنەی پارتە ڕەگەزپەرستەکانی دیکە کە بەردەوام کێشەی هەبوونی گەریلاکانی پەکەکە وەک بانگەشەی هەڵبژاردنی خۆیان بەکار دەهێنن و دەخوازن لەشکرکێشی بۆ ناو خاکی هەرێمی کوردستان بکرێ، ئەوان کردەوەیەکی سنووردار دژ بە بنکەو بارەگاکانی **پەکەکە** لە بناری چیای قەندیل بەڕێوە دەبەن و بۆ هەڵمەتی ڕاگەیاندنی هەڵبژاردنەکان سوودی لێوەر دەگرن.

چاودێران پێیانوایە ئەگەر حکومەتی ئەردۆگان هێرش بکاتە سەر بنکە و بارەگاکانی پەکەکە، لەوانەیە تورکە دەمارگیرەکان لایەنگیری لێبکەن و دەنگی پێبدەن.

لەلایەکی دیکەشەوە دادگەیەکی تورکیا مافی خۆ پاڵاوتنی لە لەیلا زانا و خەتیب دیجلە و سەلیم ساداک و ئۆرهان دۆغان و دەیان کەسایەتی ناوداری دیکە زەوت کردووە.

لە پێوەندی مۆڵدانی سەربازی تورک لەسەر سنووری هەرێم، ڕاگەیاندراوە کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئامادەباشی تەواوی هەیە، ئێستا ١٢٠٠ پێشمەرگە لە سنووری زاخۆ جێگیر کراون، لە ڕۆژانی داهاتووشدا هێزی تایبەت ڕەوانەی سەر سنوور دەکرێن و بەرپەرچی هەر کردەوەیەکی سەربازی تورکیاش دەدرێتەوە ئەگەرئامانجی هەرێمی کوردستان بێ، بەڵام وتەبێژی هێزەی پێشمەرگە پێیانوایە کە مۆڵدانی سەرباز بۆ پاراستنی سنوورەو تورکیا نیازی هێرشکردنی نیە.

ئەوەی شیاوی باسە باڵیۆزی ئەمریکا لە ئەنکارا ئاشکری کردووە کە ئەمریکا چەکی پێشکەوتووی سەربازی بە تورکیا دەدات بۆ ئەوەی لە نێو خۆی تورکیادا شەڕی گەریلاکانی پەکەکە بکات.

وێڕای هەموو ئەو تووند و گرژییە سەربازیەش هێشتا هەندێک لە چاودێران پێیانوایە کە ئەمریکا ڕێگەی لەشکرکێشی بە سوپای تورکیا نادات، ئەگەر تورکیا شێتانە لەشکرکێشی بکات، ڕوبەڕوی بەرخۆدانی کوردان دەبێتەوەو زیانێکی گەورەی پێدەگات.

بەپێی لێدوانەکانی پێشووی سەرۆکی هەرێم وا چاوەڕان دەکرێ کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەر بە لەشکرکێشی سوپای تورکیا بگرن و لە دژیاندا بجەنگن.

پارتی سۆسیال دیموکراتی دانمارک پشتیوانی لە دۆزی ئەنفال دەکات

ڕۆژی ١٥ی ئایار، شاندێکی ناوەندی **چاک** لەگەڵ (**مۆنس لوکەتۆفت**) Mogens Lykketoft وەزیری پێشووی دەرەوەی دانمارک، سکرتێری پێشوو و وتەبێژی بەشی پەیوەندیەکانی دەرەوەی پارتی سۆشیال دیموکراتی دانمارک لە نوسینگەی خۆی لە تەلاری پەرلەمدا کۆبۆوە.

شاندەکەی **چاک** سەبارەت بە دۆزی ئەنفال کە وەک پڕۆسەیەک بۆ ژینۆسایدی گەلی کوردستان لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە بەڕێوەچووە، دوا. لەو پێوەندیەدا داوای کرد کە لە ڕێگەی پارتی سۆسیال دیموکراتەوە دەرفەتێک بۆ کورد بڕەخسێندرێ تا دەنگی خۆی بگەیەنێتە پەرلەمانی دانمارک، بۆ بەستنی کۆڕ و سیمیناریش لە شارە جیاجیاکانی دانماک ئاسانکاریان بۆ بکرێ. مۆنس لوگەتۆفت وێڕای پشتگیری کردن لە دۆزی ئەنفال و هەوڵدان بۆ ناساندنی وەک ژینۆساید، بەڵێنی دا کە هەوڵ دەدات دەرفەتێک بڕەخسێندرێ تا دەنگیان بگاتە پەرلەمانی دانمارک، بەڵێنیشی پێدان کە لە ڕێگەی بارەگای ئەوانەوە ئاسانکاری دەکەن تا لە شارە جیاجیاکانی دانمارک سیمیناری تایبەت بە دۆزی ئەنفال بەڕێوەبچێ.

شیاوی گوتنە کە پارتی سۆسیال دیموکرات پێشەنگی ئۆپۆزیسیۆنی دانمارکە، لە کۆی ١٧٩ کورسی پەرلەمان، ٤٧ پەرلەمانتاری هەیە.

چاک لە ٦ ی ئایار توانی کۆنفرانسێک سەبارەت بە دۆزی ئەنفال لە ناو هۆڵی پەرلەمانی سوید بەڕێوە ببات، لەوێ بەڵێن درا ڕەوانەی پەرلەمانی سوێد بکرێ.

ئاسایشی هەرێم سێ گەریلای ڕاکردوو، ڕادەستی حکومەتی تورکیا دەکاتەوە

ڕۆژنامەی **ئەلزەمان** بڵاوی کردۆتەوە کە دەزگای ئاسایشی حکومەتی هەرێمی کوردستان سێ گەریلای ڕاکردووی ڕادەستی حکومەتی تورکیا کردۆتەوە.

بەگوێرەی هەواڵەکە ئەو سێ گەریلایە ریزەکانی پارتی کرێکارانی کوردستانیان جێهێشتووەو خۆیان بە لایەنە پەیوەندداریەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ناساندبوو، بەڵام ڕادەستی تورکیا کراونەتەوە.

بەگوێرەی هەواڵەکە ئەو سێ گەریلا ڕاکردووە لە خاڵی سنووری ئیبراهیم خەلیلەوە ڕادەستی هێزەکانی ئاسایشی تورکیا کراونەتەوە.

ڕۆژنامەکە پێیوایە بۆ هێورکردنەوەی باری گرژی نێوان هەولێرو ئەنکارا ئەو سێ گەریلا ڕاکردووە ڕادەست کراونەتەوە.

لەلایەکی دیکەوە سەرچاوەیەک کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێ، پێیوابوو کە ڕادەستکردنەوەی سێ گەریلا ڕاکردووەکە پێوەندی بە هاوکاری نێوان پەکەکەو حکومەتی هەرێمەوە هەیە، چونکە کاربەدەستانی هەرێم نایانەوێ باوەش بۆ ئەو گەریلایانە بکرێتەوە کە ریزەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان جێدەهێڵن.

ڕۆژەف

حکومەتی عێراق و حزبە دەستەڵاتدارەکان بۆ لەناوبردنی گروپە توندڕۆکان پشتیان بە هێزەکانی ئەمریکا بەستووەو چاوەڕوانن کە ئەمریکا ئەوانیان لەکۆڵ بکاتەوەو ئاسایش و ئارامی بۆ شارەکان بگێڕێتەوە.

ئەزموونی پلانی گێڕانەوەی ئاسایش بۆ شاری بەغداد ئەو ڕاستیەی سەلماندەوە کە هێشتا هێزەکانی عێراقی زۆریان ماوە تا بتوانن پاسەوانی لە شارەکان بکەن و ئارامی و ئاسایشی وڵات بپارێزن، کەچی هەموو لایەکیان هیواخوازن کە بەزووترین کات ڕێکخراوە نەیارەکانی حکومەتی بەغداد تێکبشکێن و ئەمریکاش سەرکەوتنی یەکجارەکی ڕابگەینێ، بەڵام ڕۆژی هەینی ڕابردوو، ژەنەراڵ کۆنوای فەرماندەی هێزی مارێنز ڕایگەیاند کە ئێستا ناکۆکیەکی بێزارکەر لە نێوان ئەفسەرانی سوپاو خەڵکی ئەمریکادا هەیە، خەڵکی ئەمریکا داوا دەکەن کە بەزووترین کات هێزەکانیان لە عێراق بکێشنەوە، بەڵام ئەوان ناتوانن بە زوویی سەرکەوتن بە دەست بهێنن و ئەو ڕێکخراوانە لەناو ببەن کە دژی سوپای ئەمریکا دەجەنگن، ئەو پێیوایە کە لانی کەم ١٠ ساڵی دیکەی دەوێ تا سەرکەوتن مسۆگەر دەکرێ!

جەیمس کۆنوای فەرماندەی هێزی مارێنز دەرفەتی زیارتری لە گەلی ئەمریکا خواستووە، داوای پشوو درێژی لێکردوون، ئەمەش واتای ئەوەیە کە ئەوان نایانەوێ بەم زووانە لە عێراق بکشێنەوە. مانەوەی هێزەکانی ئەمریکاش لە عێراق کە زۆربەی چاودێرانی سیاسی بە سەرچاوەی نائارامیەکانی ناوچەکەی دەزانن، لەوانەیە ڕەوشەکە بەرەو ئاڵۆزی و گرژی زیاتر ببات.

ئاڵۆزبوونی ڕەوشی ئاسایشی شارەکانی بەغداد پڕوشکەکانی بەرەو شارەکانی کوردستانیش دێن، ئەنجامدانی دوو تەقینەوەی گەورە لە هەولێر و مەخموور گەواهی ئەو ڕاستیە دەدەن کە دەبێ کوردستانیان چاوکراوانەتر هاوکاری لەگەڵ هێزەکانی ئاسایش و پۆلیسدا بکەن، لە بەرپرسانی کوردستانیش دەخوازێ کە سیاسەتی خۆیان لەبەرانبەر حکومەتی عێراق کە نایەوێ مادەی ١٤٠ جێبەجێ بکات و پێداگری لە سەر بەڕێوەنەبردنی ریفراندۆم دەکات، بگۆڕێ، هەروەها دەبێ سەرکردایەتی سیاسی کوردستان بە گوتارێکی دیکەوە ڕەفتار لەگەڵ ئەمریکادا بکات. ئەمریکا ئەگەر لە ئاساییکردنەوەی ڕەوشی کەرکوک وبەڕێوەبردنی ریفراندۆمدا هاوکاریمان نەکات، ئەگەر ئەمریکا بۆ پاراستنی بەرژەوەندەکانی خۆی هێڵی سووری کوردستانیان ببەزێنێ و پێ لە بەرژەوەندە نەتەوەیی و نیشتمانیەکانمان بخشێنێ، گەرەکە شێوازێکی دیکە بدۆزرێتەوە. پێویست ناکات ئێمە دەرگەی ماڵەکانی خۆمان بۆ تیرۆریستان بخەینە سەر پشت و بچێن پاسەوانی لە دەرگەی ماڵی ئەوانە بکەین کە ڕێگری لە ئاساییکردنەوەی ڕەوشی کەرکوک دەکەن و سیاسەتی چاوشارکێ و خاپاندن لەبەرانبەر کوردستانیان بەڕێوەدەبەن.

ئەگەر هێشتا ڕەوشی هەرێمی کوردستان وەک پێویست پێنەگەیشتبێ، ئەگەر هێشتا هەڕەشەی دەوروبەرمان لەسەر بێ، بەڵام دەبێ ئەو ڕاستیە بزانین کە گیانی ئەمریکا تەنیا لە کوردستان پارێزراوە، لەبەرانبەر ئەو پاریزراویەشدا دەبێ هاوکاری کوردستان بکەن و شانازمی بنوێنن.

لەسەر موجاهیدین ناکۆکی لەنێوان عێراق و ئەمریکا دروست دەبێ

هەواڵەکان: دوای ئەوەی هێزەکانی فرەڕەگەز ئاسایشی شاری حلەیان ڕادەستی هێزەکانی عێراق کردۆتەوە، هەوڵێکی ئاشکرا بۆ وەدەرنانی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵکی ئێران لە ئارادایە، حکومەتی عێراق ڕاشکاوانە گوشاریان دەخاتەسەرو دەیەوێ لە عێراق بچنە دەرێ، بەڵام هێزەکانی ئەمریکا بۆ دژایەتیکردنی کۆماری ئیسلامی ئێران بەشێکی زۆریان لەچەکدارەکانی بنکەی ئەشرەفی موجاهیدین پرچەک کردۆتەوە. بەوهۆیەوە هێزەکانی ئەمریکا دەیانەوێ بۆ خۆیان پارێزگاری لە بنکەی ئەشرەفی موجاهیدین بکەن.

دانیشتوانی حلە کە شیعە مەزهەبن و ناحەزیان لەگەڵ ئەمریکا و موجاهیدین دا هەیە، ناڕەزایەتی خۆیان لەبەرانبەر هەبوونی بنکەی ئەشرەف و جێگیربوونی هێزەکانی ئەمریکا بۆ پاسەوانی بنکەی ئەشرەف ڕادەگەیەنن .

لەلایەکەوە موجاهیدین حکومەتی عێراق بە هاوسۆزی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران تۆمەتبار دەکات، لە لایەکی دیکەشەوە سوپای بەدری شیعەکان ڕێکخراوی موجاهیدین بەدەست هەبوون لە تەقینەوەکانی ناو عێراق تۆمەتبار دەکات . هادی عامری سەرۆکی سوپای بەدر ڕایگەیاندووە کە ئەوان بەڵگەی تەواویان لەدەست دا هەیە کە ڕێکخراوی موجاهیدین لە بنکەی ئەشرەف ڕاهێنان بە گروپە تیرۆریستیەکان دەکات، بەوهۆیەوە بەشێک لە تاوانی تەقینەوەکان لە ئەستۆی ئەوان دەکەوێ.

هەندێک لە دامودەزگاکانی حکومەتی نوری مالیکی پێیانوایە هەر لە کۆنەوە پێوەندیەکی پتەو لە نێوان موجاهیدین و بەعس دا هەبووە، ئێستا درێژە بە هاوکاری نێوانیان دەدەن، بەڵام حکومەتی ئەمریکا پشتیوانی لە موجاهیدین دەکات و هەبوونی هاوکاری لەنێوان موجاهیدین ئەوانەی دژ بە ئەمریکا و حکومەتی عێراق دەجەنگن، دەت دەکاتەوە.

بەوهۆیەوە کۆمیتەی یاساناسانی نێودەوڵەتی کە هاوسۆزیان لەگەڵ ئەمریکادا هەیە بە ئیمزای ٨١ کەس یاداشتێکدا بۆ حکومەتی عێراق ڕەوانە کردووەو داوایان لێکردووە کە گرفت بۆ موجاهیدین دروست نەکات.

کەرکوک لە بودجەش ستەمی لێدەکرێ

سەرچاوەیەک داخباری خۆی لەمەڕ دیاریکردنی بودجەی پارێزگای کەرکوک ڕاگەیاندووەو ئاشکرای کردووە، وێڕای ئەوەی کە زۆرینەی داهاتی عێراق لە نەوتی کەرکوکەوە سەرچاوە دەگرێ، کەچی لە پێدانی بودجەدا پێوانەی شارێکی بچوکیشی بۆ نەکراوە.

بەگوێرەی سەرچاوەکە بودجەی کەرکوک لە کۆی ١٥ پارێزگای سەر بە حکومەتی بەغداد لە سێزدەمیندا جێگەی گرتووە، کەواتە لە پاشەوەی ئەو شارانەش دایە کە ژمارەی دانیشتووانیان بەقەد چارەکی دانیشتووانی کەرکوک نابن، ئەمە لە کاتێکدا کە بۆ سڕینەوەی شوێنەواری ڕاگواستن و بە عەرەبکردن و ئەنفال و بەسووتماک کردن پارێزگاکە پێویستی بە ملیاران دۆلار هەیە.

حکومەتی مالکی بۆ تاوتوێکردنی بودجەی پارێزگاکان بە سەرۆکایەتی دکتۆر بەرهەم کۆمیتەیەکی پێکهێناوە، لێکۆڵینەوەیان لەسەر پرۆژە پێشنیارکراوەکانی ئەنجوومەنی پارێزگاکان کردووە، بەگوێرەی ئەو پرۆژانەوە بودجەی پارێزگاکانیان لەگەڵ بودجەی تێکڕایی عێراق گونجاندووە، بەهۆی ئەوەی پرۆژە پێشنیارکراوەکانی پارێزگای کەرکوک کەم بوون، بڕیار دراوە بودجەی کەمیشی پێبدرێ. دەنگۆی ئەوەش هەیە کە لیستی هاوپەیمانی کوردستان ڕەزامەندی لەسەر دواخستی ریفراندۆم دەربڕیبێ، بەلام وتەبێژی لیستی هاوپەیمانی ڕەتی دەکاتەوە.

لەم ژمارەیدا

ل٣ ئاوەدانکردنەوەی عێراق، پڕۆسەی ئەمریکای بەردەم ڕەشەبا

ل٥ دایکی دوو گەریلا لەو ڕۆژەی ستراسبۆرگ بوو بە شاری کوردان

ل٧ برینە سارێژ نەکراوەکان